# هەستی بیستن

- گوێ لە سێ بەش پێکهاتووە:

1. بەشی گوێی دەرەوە لە کرکڕاگە پێکهاتووە.
2. بەشی گوێی ناوەڕاست لە پارچەی ئێسکی ورد پێکهاتووە.
3. بەشی گوێی ناوەوە لە خانەی هەستەوەری پێکهاتووە.

- بەشی گوێی دەرەوە دەنگ وەردەگرێت.
دەنگ بریتییە لە شەپۆلی جووڵە لە هەوادا.
شەپۆلی جووڵەکان لەڕێی کەناڵێکەوە تێپەڕدەبن.
بە پەردەی گوێ دەگەن. پەردەی گوێ دەلەرێتەوە.

- ئێمە گوێمان لەدەنگ دەبێت بەوەی کە یەکەمجار شەپۆلی دەنگەکان پەردەی گوێ دەخاتە ناو هەڵبەزودابەزەکانەوە.

- ئەو هەڵبەزودابەزانانە دەگوازرێنەوە بۆ ناو بەشی گوێی ناوەوە، لەوێدا خانەکانی موو کە لە ناو قاقلەی گوێدان دەخرێنە جووڵەوە. جووڵەکە دەگۆڕدرێت بۆ ترپەی دەمار کە ئەویش دەگات بە سەنتەری بیستن لە مێشکدا.

- هەستی بیستن یەکێکە لە گرنگترین ئەو هەستانە دادەنریت کە هەمانن.


- بەهۆی هەستی بیستنەوە دەتوانین دەنگ ببیستین.

- کاتێک دەست لە تاڵی گیتارێک دەدەیت، تاڵەکان دەست بە لەرینەوە دەکەن. لەرینەوەکان مانای ئەوە دەگەیەنن کە بە خێرایی بۆ پێشەوە و دواوە هەڵدەبەزنەوە. بەو جۆرە تاڵەکان هەوا دەخەنە ناو جووڵەکانەوە.

- هەڵبەزودابەزەکان لە هەوادا بە شەپۆلی دەنگ ناودەبرێن و لە چرکەیەکدا بە خێرایی نزیکەی 340 مەتر بەگشت لایەکدا بڵاودەبنەوە.

- ئەم کرادەر بە خێرایی دەنگ لە هەوادا ناودەبەین.

- ئێمە بەردەوام لە دەوری خۆمان دەنگ دەبیستین. دەنگەکان لەڕێگەی مێشەکەوە تێیاندەگەین و بەو جۆرە زانیاری پەیدا دەکەین دەربارەی ئەو شتانەی لە دەورمان ڕوودەدەن.
- هەستی بیستن گرنگییەکی تری لەوەدایە کە یارمەتیمان دەدات لە درککردن بە مەترسی و خۆپاراستن لێی. هاوکات هەستی بیستن بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت کە بیرکردنەوە و بۆچوونەکانمان گەشە پێبدەین.
- بەپێی ئەوەی کە کام لە خانەکانی موو دەجووڵێنەوە، مێشک ترپەکان لێکدەداتەوەکە ئایا دەنگەکانیان گڕن یان ناسکن.



*Illustrasjon: Adobe Stock, Axel Kock*

# ڕاهێنان ١

چەند ڕستەیەک بنووسە دەربارەی هەستی بیستن کە بە "من دەزانم کە" دەستپێبکات.

*نموونە:* من دەزانم کە هەستی بیستن وادەکات کە ئێمە درک بە دەنگ بکەین.

- من دەزانم کە …

- من دەزانم کە …

- من دەزانم کە …

- من دەزانم کە …

- من دەزانم کە …

| لیستی وشە<br>**Ordliste** | |
|---|---|
| **کوردی** | **Norsk** |
| کڕکڕاگە | brusk |
| هەستی بیستن | høresansen |
| گوێچکەی ناوەڕاست | mellomøret |
| ئەلەرێتەوە | vibrere |
| هەڵبەزودابەز | svingninger |
| شەپۆلی دەنگی | lydbølger |
| پەردەی گوێ | trommehinne |
| قاقڵەی گوێ | sneglehuset |
| تاڵی گیتار | gitarstreng |
| گۆڕینەوەی بیروبۆچوون | utveksle tanker og meninger |
| تاڵی گیتار | gitarstreng |